

# ئەو ئێوارەیەی لەبەردەم دوکانەکەوە تێنەپەڕی

سیامەند هادی

(لەدوورەوە تارماییەکم هاتە بەرچاو، کاتێك لێی نزیك بوومەوە تەماشامکرد تەرمێکەو خوێن بەسەر کراسە شینە کاڵەکەیدا بڵاوبۆتەوە. قاچی راستی نوشتابۆوە، دەستی چەپی لەسەر دڵی دانابوو، سەریشی بەلای چەپدا ئاوڕی دابۆوە).

ئەمە قسەی ئەو دوکاندارە بوو، کە بەسیفەتی ئەوەی یەکەمین کەس بووە چۆتە سەر تەرمەکە، لەبەردەم ئەفسەری بەدواداچوونی ئەو تاوانەدا وەستابوو. دەیویست ئەوەیان لەلا روونبکاتەوە، ئەو هیچ زانیارییەك دەربارەی هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوە نازانێت. ئەوەی ئەفسەرەکەی زیاتر سوورکرد لەسەر ئەوەی پرسیارێکی زیاد لەپێویست ئاراستەی دوکاندارەکە بکات، ئەو پێیڕاگەیاندبوون پێشتر ئەو پیاوە کوژراوەی ناسیوەو هەموو ئێوارەیەکی درەنگ لەوبەر دوکانەکەیەوە تێپەڕیوە. رەنگە ئەوان بیانەوێت بەو پرسیارانە زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەو تەرمە فڕێدراوە کۆبکەنەوە، بەڵام دوکاندارەکە وایدەزانی ئەوان دەیانەوێت کوشتنی ئەو پیاوە بهێنن بەسەر ئەودا. هەر ئەوەشبوو وایکرد لەکاتی قسەکردندا هەموو گیانی بلەرزێ و بە پچڕپچڕی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە. ئەگەرچی ئەوان بەتەواوی لایان ئاشکرابوو ئەو دوکاندارە جگە لەوەی کە یەکەم کەس بووە بچێتە سەر تەرمەکە، هیچ دەربارەی کوشتنی ئەو پیاوە نازانێت، بەڵام هەرچۆنێك بوو شەوێك لەزیندانندا هێشتیانەوە. دوکاندارکە ئەو شەوەی بەبیرکردنەوە لەو تەرمە بردە سەر، هەموو ئەو شتانەشی لەکاتی خۆیدا دەربارەی ئەو پیاوە بە گوێپێنەدانەوە بیستبوونی لەو شەوەدا دەیهێنانەوە بیری

خۆی و لەوەدەچوو بەو گەڕانەوەیە بۆ یادەوەرییە لەبیرچووەکانی بەدووی هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوەدا بگەڕێت. بەتەواوی نەیدەتوانی بابەتێك بۆ کوشتنەکەی بدۆزێتەوە. دوکاندارەکە لەو شەوەدا هەرچەندێك کۆشا نەیتوانی بخەوێت و بە بەردەوامی بیری لەو پیاوە کوژراوە دەکردەوە.

ئەو شتانەی لەکاتی خۆیدا لە چەند هاوڕێیەکی دەربارەی ئەو پیاوە بیستبوونی، لەو شەوەدا هەموو بەسەرهاتەکانی بەبیر خۆیدا دەهێنایەوەو دەیویست بەشێوەیەك راڤەیان بکات، کە هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوەی تیادا بدۆزێتەوە. بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت لەو شەوەدا کەوتە لێکدانەی هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوە. ئەو لەو گەڕانەوەیەدا بەهیچ شێوەیەك بکوژانی ئەو پیاوەی بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵکو بەتەنها دەیویست هۆکاری کوشتنەکە ئاشکرا بکات. بەو ئێوارە کپ و خامۆشەداو دەرکەوتنی ئەو تەرمە لە کەشێکی زۆر ئارام و بێدەنگدا، بەتەواوی لەوە دڵنیابوو، ئەو پیاوە لەشوێنێکی تر کوژراوە و هێناویانە لەوێدا فڕێیانداوە. لەوکاتەدا بیری لە شوێنی کەوتنی تەرمەکە کردەوە، لەپاڵ دیواری قوتابخانەیەکی ناوەندیی کچانەوە کەوتبوو.

ئەو دوکاندارە هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی خۆی لەسێبەری تەرمی ئەو پیاوە قوتاربکات، هەربۆیە ناچاربوو زۆر بەوردی هەموو ئەو رۆژانە بهێنێتەوە بیری خۆی کە ئەو پیاوەی تیادا بینیوە. ئێوارانی بیردەکەوتەوە، هەموو ئێوارەیەکی درەنگ ئەو پیاوە لەوبەر دوکانەکەی ئەمەوە تێدەپەڕی، هەموو جارێك لەوکاتەدا دەیبینی. لەکاتی خۆیدا بەهیچ شێوەیەك ئەوانەی بەلاوە گرنگ نەبووە، بەڵام لەو شەوەدا وەك ئەوەی بەدووی شتێکی زۆر گەورەدا بگەڕێت، بەوردی هەڵسوکەوت و رۆیشتنی ئەو پیاوەی دەهێنایەوە یادی خۆی. ئێوارەیەك کاتێك ئەو پیاوە لەوبەر دوکانەکەی ئەمەوە تێپەڕی، لەوکاتەدا هاوڕێیەکی ئەم کە لەنێو دوکانەکەدا دانیشتبوو دەیگوت (ئەم مامۆستایە زۆر بەهێواشی بەڕێگەدا دەڕوات و بەهیچ شێوەیەکیش ئاوڕ ناداتەوە). ئەو ئەگەرچی پێشتر چەند زانیارییەکی دەربارەی ئەو پیاوە لە هاوڕێکانی بیستبوو، بەڵام هەرگیز بیری بۆ ئەوە نەچووە رۆژێك لەڕۆژان ژیانی ئەو پیاوە بۆ ئەم ببێتە جێگەی بایەخپێدان. جارێك هاوڕێیەکی دەیگوت (هەرگیز هەست ناکەیت ئەو پیاوە لەو گەڕەکەدایە، زۆر بێدەنگە، خۆی لەهەموو شتێك دەپارێزێت). لەگەڵ بەبیرهێنانەوەی ئەو رستانەشدا، کتوپڕ قسەی ئەو ژنەی بیرکەوتەوە کە دوای ئەوەی پۆلیس تەرمی مامۆستاکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد، زۆر بەبێباکانە و لەبەرخۆیەوە وتی (ئەگەر شتێکی نەکردبێت بۆ دەکوژرێت؟).

ئەو لەو شەوەدا زۆر بیری لەچارەنووسی خۆی نەدەکردەوە، بەقەد ئەوەی دەیویست قورسایی بیرکردنەوەی لەو خاڵەدا چڕ بکاتەوە، کە بیباتەوە سەر هۆکاری کوشتنی ئەو پیاوە. هیچی وای دەربارەی ژیانی ئەو پیاوە نەدەزانی تا ببێتە دەروازەیەك بۆ ئاشکراکردنی هۆکاری کوشتنەکەی. زۆربەی کاتیش گرنگیی بەو قسانە نەدەدا کە پێشتر لەلایەن چەند کەسێکەوە دەربارەی ئەو پیاوە بیستبوونی، بەڵام هەرچۆنێك بێت لەو شەوەدا هەوڵی دا هەموو ئەو شتانەی دەربارەی ئەو پیاوە پێشتر گوێی لێبووە بهێنێتەوە بیری خۆی. ئەوەی دەهاتەوە یادی تەنها چەند شتێکی کورت بوون و ئەوەش نەیدەگەیاندە هیچ ئاکامێك. دوکاندارەکە نەیدەتوانی بەو شتانەی لە ڕابوردوودا بیستبوونی، هەڵسوکەوتی ئەو پیاوە لەچەند دێڕێکدا گەڵاڵە بکات، چونکە بەهیچ شێوەیەك نەیدەزانی ئێوارەیەك ئەو پیاوە دەکوژرێت و تەرمەکەی لەنزیك دوکانەکەی ئەمەوە فڕێدەدرێت!

ئـەو لـەڕووکاری دەرەوەو بەتەنیـشت دەرگـای حەوشـەی ماڵەکەیانـەوە دوکـانێکی بـچوکی وردەواڵەفرۆشـیی دروسـتکردبوو، ڕۆژانـە چـەندین کـەس هاتوچۆیان دەکـردو شـتیان لێـدەکڕی. ئەگەرچی ئـەو پیـاوە هـیچ کاتێك سـەردانی دوکانەکەی ئـەوی نـەکردبوو، بـەڵام هـەموو ئێوارەیـەکی درەنگ لەوبـەر دوکانەکەیـەوە تێدەپـەڕی. هـەموو ئـەو کەسـانەی ئـەو پیاوەیـان دەناسـی بەکەسـێکی ئاڵۆزیـان لەقەڵـەم دەداو پێیـانوابوو کـەس ناتوانێـت بەتـەواوی کەسـێتیی ئـەو پیـاوە هەڵبسـەنگێنێ. ئەوکاتەی پۆلیس هاتنـە شوێنی تەرمـە فڕێدراوەکـە و پرسـیاریان کـرد: کـێ یەکـەمینجار تەرمەکـەی بینیـوە؟، دوکاندارەکـە بـەخێرایی چـووبووە پێـشەوەو پێیڕاگەیانـدبوون ئـەو یەکـەمین کـەس بـووە لەدوورەوە تەرمەکـەی بینیـوە. ئەوەشـی وایکـرد ئەفسەرەکە پرسـیاری زیـاتر لـەو دوکانـدارە بکـات، ئەوەبوو لەشـوێنی تەرمەکـەداو ئەوکاتـەی دوکاندارەکـەیان دەسـتگیر کردبـوو، بەپۆلیسـەکانی وتبـوو (بـەهیچ شـێوەیەك ئـەو کەسـە ناناسـم، کـە تەرمەکـەی لەوێـدا فڕێـدراوە)، بـەڵام لەبـەردەم ئەفسـەری لێکۆڵینەوەدا وتبووی (دەیناسم، بەڵام هیچ زانیارییەکم لەبارەیەوە نییەو تەنها ئەوەیە چەند جارێك بینیومە!). ئەوان دەیانویست ئەو دیمەنانەی بەرچاوی کەوتوون تۆماری کردبێتن و رستـەکانیش بـە ئەزبەرکراوی هەموو جارێك وەك یەك بڵێتەوە.

بەوپێیەی ئەو پیاوە بەر لەکوشتنی هەموو ئێوارەیەك لەبـەردەم دوکانەکـەی ئـەوەوە تێدەپـەڕی و زۆرجاریش ئەم لەکاتی تێپەڕبووندا چاوی پێکەوتبوو، دەیویست ئەو قسانە بەبیر خـۆی بهێنێتـەوە، کە چەند کەسێکی نێو دوکانەکە دەربارەی ئەو پیاوە درکاندبوویان! هەرچـەندی دەکرد نەیدەتوانی تـەواوی رسـتەکانی پێکـەوە کۆبکاتـەوە. ئـەم دەیزانـی ئـەو پیـاوە مامۆسـتایەو هـەموو ئێوارەیـەك بەبەردەم دوکانەکەی ئەمدا تێدەپـەڕێت. ئەوەشـی دەزانـی کـە ماڵیـان لـەخوار دوکانەکـەی ئەمەوەیـە، بەڵام بەتەواوی ماڵەکەیانی نەدەزانی.

بۆ ڕۆژی دوایی و لە سـەعات($10$)ی سـەرلەبەیانیدا، ئەوکاتـەی ئەفسـەرەکە لێیپرسـی (چـۆن ئـەو پیاوە دەناسـی و چ زانیارییـەکت لەبارەیـەوە هەیـە؟)، دوکاندارەکـە لەوەڵامـدا وتبـووی (ئـەو پیـاوە مامۆسـتایەو ماڵیـان لـەخوار دوکانەکـەی منەوەیـە. هـەموو ئێوایـەرەك بەبـەردەم دوکانەکـەی منـدا تێدەپەڕی و دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە).

ئەفسەرەکە وتی (چۆن دەزانیت مامۆستا بوو؟).

ئـەویش بـێ بیرکردنـەوە بەئەفسـەرەکەی ڕاگەیانـد (هـەموو ئێوارەیـەك لەبـەردەم دوکانەکەمـەوە تێدەپەڕی، ئـەو کەسانە کـە لـەنێو دوکانەکـەدا دادەنیشتن، دەیـانگوت ئـەوە مامۆسـتایەو ناویشیان دەگوت، بەڵام من ناویم لەبیرنەماوە!).

ئەفسەرەکە وەك ئـەوەی پەنجەرەیـەکی بـەڕووی هەڵدانـەوەی نهێنییەکانـدا کردبێتـەوە، لەسـەرخۆ وتی (لەو ئێوارانەدا کە ئەو پیاوە بەبەردەم دوکانەکەی تۆدا تێدەپەڕی، هـیچ کەسـێك لەوانـەی لـەنێو دوکانەکەدا دادەنیشتن، قسەیان بەو مامۆستایە دەگوت، یان وا دەردەکەوت رقیان لێبێت؟).

دوکاندارەکە وتبووی (ئەو کەسـانە ئەگـەر بەڕێکـەوت لەدوکانەکـەدا بوونایـەو ئـەو مامۆسـتایەش لەوبەرەوە بڕۆیشتایە، زۆرجار باسیان دەکرد، بەڵام باسکردنێکی ئاسایی بوو).

ئەفسەرەکە وتبووی (ئەوانەی لەدوکانەکـەی تـۆدا دادەنیـشتن، بەتـەواوی دەیانناسـیت و دەزانـی هەڵسوکەوتیان چۆنە؟).

ئەویش لەوەڵامدا وتبووی (هەموویان بەتەواوی دەناسم، هەڵسوکەوتیان باشە).

ئەفسەرەکە وتبووی (هیچ یەکێك لەوانە لەوەدەچوو پیاوکوژ بێت؟).

دوکاندارەکە وتبووی (پیاوکوژ چۆنە؟).

ئەفسەرەکە بەتوڕەییەوە وتبووی (نازانم پیاوکوژ چۆنە، بەڵام کەسیان باسی پیاوکوشتنیان نەدەکرد؟).

ئەویش وتبووی (نەخێر باسی ئەو شتانەیان نەدەکرد).

ئەفسەرەکە وتبووی (ئەی چەقۆو ئەو شتانەت پێ نەبینیون؟).

دوکاندارەکە وتبووی (نەخێر).

ئەفسەری بەدواداچوونی تاوانەکە لەدوکاندارەکەی پرسیبوو (چۆن تۆ یەکەم کەس چوویتە سەر تەرمەکە؟).

دوکاندارەکە لەوەڵامدا وتبووی (من لەوکاتەدا شتی ناو دوکانەکەم کۆدەکردەوە، مناڵێك هات و پێیوتم پیاوێك لەسەر سوچی دیواری قوتابخانەکەدا کەوتووە!).

ئەفسەرەکە وتبووی (گوێت لەهیچ تەقەو دەنگەدەنگێك بوو؟).

دوکاندارەکە بەبێ بیرکردنەوە وتبووی (نەخێر).

ئەفسەرەکە وتبووی (ئەی چۆن تۆ پێشتر تەرمەکەت نەبینیبوو؟).

ئەویش وتبووی (دەرگای دوکانەکەم بەرامبەر ناوەڕاستی دیواری قوتابخانەکەیەو کە لەناو دوکانەکەدا دادەنیشم، سەرسووچی قوتابخانەکەم لێوە دیارنییە).

ئەفسەرەکە وتبووی (ئەو پیاوە کوژراوە مامۆستای ئەو قوتابخانەیەیە؟).

ئەویش وتبووی (نەخێر ئەو مامۆستای قوتابخانەیەك بوو، کە دەکەوێتە سەروو دوکانەکەی منەوە).

ئەفسەرەکە پرسیبووی (پێش ڕووداوەکە هیچ کەسێکی نەناسراوت نەبینی لەو دەوروبەرەدا بسوڕێتەوە، یان سەردانی دوکانەکەت بکات؟).

دوکاندارەکە وتبووی (ئەو مامۆستایە لەبەیانییەوە تا نیوەڕۆ لەقوتابخانە بوو، دوای ئەوە سەرێکی بازاڕی دەداو هەموو ئێوارەیەکی درەنگ لەوبەر دوکانەکەوە تێدەپەڕی و دەگەڕایەوە بۆماڵەوە، ئیتر دەبێت لەسەرچی بکوژرێت؟!).

ئەفسەرەکە وتبووی (من دەڵێم ئەو ڕۆژە کەسی نەناسراوت نەبینی؟).

ئەویش وتبووی (نەخێر).

ئەفسەرەکە وەك ئەوەی بگەڕێتەوە سەر بەشێکی نەزانراوی ڕووداوەکە، بەدوکاندارەکەی وتبوو (ئەو مناڵە کێ بوو کە پێیڕاگەیاندی پیاوێك لەسەر سووچی دیواری قوتابخانەکە کەوتووە؟).

دوکاندارەکە بەئەفسەرەکەی وتبوو (نازانم ئەو مناڵە کێ بوو!).

ئەفسەرەکە بەخێرایی و بەدەنگێکی بەرزتر لەپرسیارەکانی پێشووی وتبووی (باشە مناڵێك بەو ئێوارە درەنگە لەوێدا چییدەکرد؟).

دوکاندارەکە وتبووی (نازانم، دیارە ماڵیان لەو نزیکانە بووە).

ئەفسەرەکە وتبووی (تۆ دوکانداریت، چۆن مناڵێکی نزیك دوکانەکەی خۆت ناناسیت؟).

دوکاندارەکـە وتبـووی (دیـتنی تەرمەکـەو شـڵەژان و ئـەو قەرەباڵغییـەی دواتـر درووسـتبوو، بەتەواوی مناڵەکەی لەبیربردمەوە!).

ئەفسەرەکە وتبووی (ئێستا ئەگەر مناڵەکە ببینیت دەیناسیتەوە؟).

ئەویش وتبووی (بڕوا ناکەم، هەر نازانم کێ بوو؟).

ئەفسەرەکە بەتوڕەییەوە وتبووی (بەپێی ئەوەی تۆ دوکانداریت، پێویستە هەموو منداڵانی نزیک دوکانەکەی خۆت بناسیت!).

دوکاندارەکە وتبووی (من پشتم لەدەرەوەی دوکانەکەبوو، کە مناڵەکە هەواڵەکەی پێڕاگەیاندم، ئیتر بەپەلە چوومە دەرەوەو تەماشای مناڵەکەم نەکرد!).

ئەفسەرەکە وتبووی (کەست نەبینی رابکات؟).

دوکاندارەکە وتبووی (نەخێر).

ئەفسەرەکە وتبووی (هیچ سەیارەیەکت نەبینی لەوکاتەدا بەخێرایی بڕوات؟).

ئەویش وتبووی (نەخێر).

ئەفسەرەکە وتبووی (گومانت بۆ کەس ناچێت کە ئەو پیاوەی کوشتبێت؟).

دوکاندارەکە وتبووی (نازانم ئەو مامۆستایە دەبێت لەسەرچی بکوژرێت؟).

ئەفسەرەکە وتبووی (ئەو پیاوە دوژمنی نەبوو؟).

ئەویش وتبووی (تا ئێستا گوێم لەهیچ کەسێك نەبووە باس لەخراپەیەکی ئەو مامۆستایە بکات).

ئەفسەرەکە وتی (ئەو ئێوارەیەی کە ئەو مامۆستایەیان تێدا کوشت، ئایا پێشتر مامۆستاکەت بینی بەبەردەم دوکانەکەدا تێبپەڕێت؟).

دوکاندارەکە وتی (نەخێر ئەو ئێوارەیە لەبەردەم دوکانەکەوە تێنەپەڕی!!).

زستانی 2005

